سەلاحەدین بەهائەدین: پشتیوانی لە هەوڵەکانی بێنیشتمانیکردنی موچە دەکەین



ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند، پشتیوانی لە مامەستایان دەکەن بۆ بێنیشتیمانیکردنی موچە و دەرهێنانی لە ململانێ سیاسییەکان، نابێت لە ژێر هیچ بیانوییەکدا بابەتی موچەخۆران بکرێتە ئامرازێک بۆ ململانێ سیاسییەکان.

سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتو لە کۆبونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی مامەستایانی ناڕازی رایگەیاند، پشتیوانی لە خواست و داواکاری هێزای مامەستایان دەکەن بۆ بێنیشتیمانیکردنی موچە و دەرهێنانی لەململانێ سیاسییەکان.

سەلاحەدین بەهائەدین باسی لەوەشکرد، نابێت چیتر لەوە زیاتر موچەخۆران ببنە قوربانی و کێشەی موچە بەیەکجاری چارەسەر ببێت و لەژێر هیچ ناو و بیانوییەکدا بابەتی موچەخۆران بکرێتە ئامرازێک بۆ ململانێ سیاسییەکان.